شاشەیەکی گەورە بە گواستنەوەی یاری هەولێر لەبەردەم قەڵا جێگیر دەکرێت



بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای هەولێر شاشەیەکی گەورە لە بەردەم قەڵا جێگیر دەکات بە هاندانی یانەی هەولێر لە کێبڕکێی یاری جامی عێراق بەرامبەر بە یانەی قوە جەویە.

لە ڕاگەیەندراوێکی پارێزگای هەولێر هاتووە، "لە پێناو هاندانی زیاتری یانە خۆشەویستەکەی شارەکەمان و بە بینینی ڕاستەوخۆی یاری کێبڕکێی جامی پاڵەوانیەتی عێراق لە نێوان (هەولێر و قوە جەویە) کاتژمێر 00:8ی شەو لە باغی شار و بەردەم قاوەخانەی مەچکە، شاشەیەکی گەورە بە گواستنەوە یارییەکە دانراوە و هەموومان لێوە دەبین بە هاندانی یانەی هەولێری دایک و یانە خۆشەویستەکەی شارەکەمان".